Research Center

# چارەنووسی نەوتی کوردستان لە نێوان بەغدا و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان

09-07-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : قۆناخی ئێستا و داهاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لەڕووی پیشەسازی نەوتەوە سەختە، بەڵام لەوانەیە ئەوەی ئێستا بەسەر ئەم کەرتەدا دێت، لەرۆژانی داهاتوودا گازیش بگرێتەوە، چونکە هەنگاوەکانی بەغدا و بەتایبەتیش دەسەڵاتدارانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی بەرەو ناوەندیکردنی سامان و دەسەڵات و پەیوەندییەکان لە عێراق هەنگاو دەنێن، هەربۆیەش دەڵین عێراق ئازادە لە مامەڵەکردن بە پارەکەیەوە و لە کوێدا پێویستی کرد بۆ بەرژەوەندیی وڵات خەرجی بکات، پێویستە بە شێوەی ناوەندی مامەڵە لەگەڵ بڕیار و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکرێت، وەکو لەدوایین بەیاننامەی کۆبوونەوەیاندا ئاماژەیان بۆ کردووە.

## بەرایی

هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەوانەیە بکەوێتە کۆتاییەکانی مانگی ئەیلوول و سەرەتای تشرینی یەکەمی 2023وە، ئەگەر رێککەوتنی نوێ و گۆڕانکاری خێرا روونەدەدات، چونکە ئێستا بەغدا بەدوای تێچووی خەرجی بیرەکان، چاککردنەوە و پێداچوونەوەی گرێبەستەکانەوەیە نەوەکو هەناردەکردنەوەی نەوت لە رێگەی بەندەری جەیهانەوە.

رۆژانی سەرەتای دوای بڕیارەکەی دادگای نێوبژیوانی پاریس ICC، چاوەڕواندەکرا رێککەوتنی هەولێر و بەغداد قورس بێت وهەناردەکردنەوەی نەوت بۆ بازاڕەکان زۆر ئاسان بێت، بەڵام رێک بەپێچەوانەوە دەرچوو. چونکە ئەوەی خوێندنەوەی بۆ دەکرا، ئەوە بوو کە هەولێر و بەغدا دوور بن لەیەک بۆ رێککەوتن، بەڵام بە کەمتر لە 10 رۆژ گەیشتنە رێککەوتن.  بەڵام ئەوەی چاوەڕواندەکرا کە تورکیا بە ئاسانی لەدوای داواکردنی بەغداوە قوفڵی بۆری هەناردەکردن بکاتەوە وادەرنەچوو، چونکە تورکیا قەرزێکی 1.4 ملیار دۆلار و عێراقیش جیددیەتی هەناردەکردنەوەی نەبووە، هەربۆیەش وەک لەدوایین کۆبوونەوە بەبێ رێککەوتن کۆتاییهات.

نزیکەی سێ مانگ و 10 رۆژ زیاترە بەتەنیا هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان راوەستاوە و بەرهەمهێنانی نەوت لە زۆربەی کێڵگە نەوتییەکانیەوە راگیراوە، چونکە نەوتەکەی کەرکوک بەرهەمهێنانی رانەگیراوە و بگرە دەگوازرێتەوە بۆ باشووری عێراق و رۆژانە سەروو 11 هەزار بەرمیلی هەناردەی دەرەوەش دەکرێت.

رۆژ بە رۆژ قەبارەی زیانەکانی راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئێستا بەتەواوی کۆمپانیاکان دەستیان کردووە بە دەرکردنی کارمەندانی نیوخۆیی نەوەکو تەنیا لەئاستی کێڵگە نەوتییەکان بگرە لەسەر ئاستی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیاکە، کە زۆربەی دەرکراوەکان کارمەندی نیوخۆییەکان Local، بۆ نموونە ئەگەر یەکێک لە کۆمپانیاکان 300 کارمەندی هەبووبێت و نزیکەی 200 کەسی ناردبێتە ماڵەوە، ئەوا لەو ژمارەیە رێژەی 90%ی کارمەندی نێوخۆیی بووە، ئەمەش سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی سەرجەم کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکانی دیکە کە لەگەڵ ئەم کۆمپانیا نەوتییانە کاریاندەکرد و خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاسایش، پێداویستییەکان، گواستنەوە و خۆراک و هتد دابیندەکرد.

لێرەدا بەکورتی هەڵوەستە لەسەر دو  پێشهاتی نوێ دەکەین، یەکەمیان هەنگاوی داهاتووی بەغدا. پرسیار ئەوەیە کە بەغدا دەیەوێت ئەم پیشەسازییە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان چی بەسەر بێت؟ دووەمیان ئەوەیە کە هەنگاوی داهاتووی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت چی دەبێت؟

## بەغدا و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان

لەوانەیە تاکە زیانی هەناردەنەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بەندەری جەیهانەوە بۆ بەغدا، ئەو ژمارەیە بێت کە لە پرۆژەیاسای بودجەی 2023دا هاتووە، چونکە نزیکەی 3 ملیار دۆلار زیانی دەستپێنەکردنەوەی هەناردەنەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام بەغدا بنکۆڵی لە شتێکی دیکەدا دەکات.

لەڕاستیدا، بەرپرسانی بەغدا و شیعەکان نەیانشاردووەتەوە کەوا خواستی هەبوونی هەژموون بەسەر ئەم کەرتە و بەناوەندیکردنی لەلای ئەوان پرسێکی بڕاوەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی وایکردووە کە دەنگی عێراق لەنیو رێکخراوی ئۆپێک بە پابەندبوونی بە بڕیارەکانی کەمکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت بە هەردوو رووبەکەوە ناچاریی و خۆبەخشیشەوە بەدی بێت. هەروەها، لەکاتێکدا کە ساڵانی پێشتر عێراق وڵاتێك بوو کە بەردەوام بە بیانووی جیاوازە نەیدەتوانی پابەندی بڕیارەکانی ئۆپێک و کەمکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت بێت، ئێستا دەتوانێت ئەو پابەندییەی هەبێت، ئەویش بەهۆی هەناردەنەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە.

بەپێی زانیارییەکان دوایین هەنگاوی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، داواکارییەکانی تایبەت بەهێڵە گشتییەکانی پیشەسازی نەوت نەبووە وەک جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی 4ی نیسان و پێداچوونەوەی هاوبەش بە گرێبەستە نەوتییەکانی کۆمپانیاکان، بەڵکو داوای وردەکاری ئەم پیشەسازییە و پێداچوونەوەی گرێبەستەکان بەتەنیا و تێچووی خەرجی بیرەکان بووە لە رابردوودا.

ئەم هەنگاوەش دوای نەگەیشتنە ئەنجامی گفتوگۆکان لەنێوان ئەنقەرە ـ بەغداد ـ هەولێر بوو بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، چونکە زۆر بەسادەیی پرسی سەرەکی لێخۆشبوون یاخود بژاردنی 1.4 ملیار دۆلار لەلایەن هەردوولاوە ناکۆکی لەسەرە، ئەمە جگە لەوەی باس لە تێکەڵکردنی کارتە جیاوازەکان بەیەکتری لەنیو گفتوگۆکان لەئارادا بووە، بەڵام هەموو ئەمانە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە پێبژاردنەکەی ئەنقەرە لە لایەن بەغداوە، ناگاتە نیوەی ئەو زیانەی ئێستا بەر عێراق کەوتووە، سەرەڕای زیانی رۆژانەی

تورکیا لەم دۆخە سەختەی ئێستا کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەهای لیرە دادەبەزێت. کەواتە ئامانجەکە دەبێت شتێکی دیکە بێت کە زیاتر لە زیانە مادییەکان بۆ عێراق و بۆ تورکیاش گرنگ بێت.

پێداچوونەوە بەتیچووی هەڵکۆڵینی بیر و چاککردنەوەی بیر و پەرەپێدانی بیرەکان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغداوە بۆ ئەوەیە کە ئایا کێڵگە نەوتییەکان هەرێمی کوردستان بە چ تێچوویەک نەوت بەرهەمدەهێنن، چونکە ئەگەر کۆی تێچووەکەی لە بەغداوە دابینبکرێت، بۆچی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان لە کێڵگەیەکی نەوتی بکرێت کە خەرجی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی دوو هێندە و سێ هێندەی نێوەڕاست وباشووری عێراق بێت؟ لەکاتێکدا ئەوەش ڕاستییە کە پێکهاتەی جیولۆجی زۆر ئاڵۆزی هەیە و توانای یاخود یەدەگی زۆر زۆر کەمترە لە بیرێکی باشووری عێراق.

وەبەرهێنان لەم کێڵگانەدا بەقۆناخێکی سەختدا تێپەڕی، بۆیە ڕادەستکردنەوەی بە بەغدا کارێکی درووست نییە کە ئێستا بەهۆی دابەشبوونی نیوخۆییەوە خەریکە خۆبەڕێوەبەریی لەم پیشەسازییە لەناودەبرێت. لەکاتێکدا ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە لەبارەی بەغدادەوە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و تەنانەت ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر ئەو گریمانەیەش ڕاست بێت کە تێچووی بەرهەمهێنانی زۆر بێت و کێڵگەی زەبەلاح و یەدەگی زۆر بۆ وڵات نەبێت، ئەی خۆ کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک بە کێڵگەی زەبەلاح ناسراون و یەکەم بیری نەوتی لە عێراق لە کەرکوک لێدراوە و، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بووە، کەچی لە 1928وە تاوەکو ئێستا نەک وەک پێویست بیری نوێ و پەرەپێدانی تێدا ئەنجامنەدراوە، بگرە هەر ئەو بیرەیە کە لەسەرەتاوە لێدراوە و بەدرێژایی چەند دەیەی ڕابردوو نەوتی تێدا بەرهەمدەهێنرێت. بۆ نموونە ڕۆژانی ڕابردوو کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری نەوت لە [وەزارەتی نەوتی عێراق] ڕایگەیاندووە کە تەنیا بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ، 86 بیری نەوتیان هەڵکەندووە یان چاکسازییان تێدا کردوون، کە 43 دانەیان لە بەسرە بووە.

## کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و هەرێمی کوردستان

بەر لە هەموو شتێك، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە چواردە کێڵگە و بلۆکی نەوتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان کردووە، کۆمپانیای پشکدارین و هەر کۆمپانیایێك بەرێژەی جیاواز پشکی لە کێڵگەیەکی نەوتی هەیە. بۆ نموونە دی ئین ئۆ DNO پشکداری 64% کێڵگەی نەوتی بەعشیقە و 75%ی تاوکی دەکات، ئەمەش بەواتای بەرپرسیاریی کۆمپانیاکان بەرامبەر خاوەن پشکەکان دێت، هەربۆیەش کاتێک قۆناخێکی سەخت دێتە پێشەوە، کارمەندەکان لە دەرەوەی هەر بەرپرسیارییێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی CSR نێردراونەتەوە ماڵەوە.

هەروەها، لەماوەکانی ڕابردوودا زۆربەی کۆمپانیاکان، گرێبەستی هەموو ئەو کۆمپانیا خزمەتگوزارییانەی کە هاوبەشیان دەکردن لە بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانی نەوت هەڵوەشاندۆتەوە و، کۆتاییان بەکارەکانیان هێناوە. لەم ماوەیەدا هەریەکە لە گەورە کۆمپانیا نەوتییەکانی وەک تاقەی ئیماراتی TAQA، وێسترن زاگرۆس و Gazprom و کۆمپانیای کار گرووپیش کارمەندەکانیان ناردە ماڵەوە، هەریەکە لە ئێچ کەی ئێن HKN و دی ئین ئۆ DNO کە دوو گەورە کۆمپانیای نەوتی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری بۆ ناردنە ماڵەوەی کارمەندەکانیان، نەوەکو تەنیا کارمەندەکانی کێلگە نەوتییەکان بەڵکو تەنانەت کار گەیشتەتووەتە ئۆفیسەکانیش!

ئەوەی لەبارەی ناردنە ماڵەوەی کارمەندەکان یاخود دەرکردنیانەوە لە کۆمپانیا نەوتییەکان هەیە شتێکی سەرنجڕاکێشی تێدایە کە کەمترین کەسی بیانی expat دەرکراوە، ئەمیش دوو ڕەهەندی هەیە: یەکەمیان جیاکارییە، لەکاتێکدا جیاوازییێکی زۆر لەنێوان کارمەندی بیانی و نێوخۆیی لەڕووی مووچەوە هەیە، خەرجی بیانییەکان دوو هێندە و سێ هێندەی کارمەندی نیوخۆییە لە هەموو ئاستەکاندا و، دیوی دووەمیشی بۆ ئەوەیە کە بۆچی نەتوانراوە توانای نیوخۆ لەو ئاستەدا پەرەپێبدرێت کە کارمەندی نێوخۆ بۆخۆی بتوانێت کێڵگەیەکی نەوتی بەڕێوەببات.

هەروەها، ئێستا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بە قۆناخێکی زۆر سەختدا تێدەپەڕن و دوای نزیکەی 3 مانگ و 10 ڕۆژ لە سفر بوونەوەی داهاتی ڕۆژانەیان و، کەڵەکەبوونی قەرزەکانیان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەندێکیان لە مانگی تشرینی یەکەمی 2022وە وەریان نەگرتووە و سەتان ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە، لە دووڕیانێکی زۆر مەترسیداردان. ئەگەر دۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا لەوانەیە هەندێکیان مایەپووچبوونی خۆیان یاخود جێهیشتنی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنن، چونکە بەهای پشکەکانیان لەماوەی ساڵیکدا بەڕێژەی نزیکەی 50% دابەزیووە و بەتەنیا لە [شەش مانگی ڕابردوودا بەهای پشکەکانی] DNO بەڕێژەی -20%، بەهای پشکەکانی گەنەل ئینرجی بەرێژەی -18.88% و گەڵف کیستۆن بەرێژەی -39.29% و شاماران پیترۆڵیۆن بەرێژەی -36.19% دابەزیووە.

ئەم هەنگاوانەی ئێستاش کۆمپانیا نەوتییەکان دەیگرنەبەر، جگە لەم کاریگەرییانەی ئێستا بگرە کاریگەری گەورەی لەسەر ئەگەری دووبارە دەستپێکردنەوە بە بەرهەمهێنانی نەوت هەیە، چونکە هەموو پیشەسازییەکە بەرەو ئەوە دەبەن بە کەمترین کارمەندەوە کارەکان راپەڕێنن و نەوت بۆ نێوخۆ بەرهەمبهێنن بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بتوانن بەردەوام بن.

## کۆتایی

قۆناخی ئێستا و داهاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لەڕووی پیشەسازی نەوتەوە سەختە، بەڵام لەوانەیە ئەوەی ئێستا بەسەر ئەم کەرتەدا دێت، لەرۆژانی داهاتوودا گازیش بگرێتەوە، چونکە هەنگاوەکانی بەغدا و بەتایبەتیش دەسەڵاتدارانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی بەرەو ناوەندیکردنی سامان و دەسەڵات و پەیوەندییەکان لە عێراق هەنگاو دەنێن، هەربۆیەش دەڵێن عێراق ئازادە لە مامەڵەکردن بە پارەکەیەوە و لە کوێدا پێویستی کرد بۆ بەرژەوەندیی وڵات خەرجی بکات، پێویستە بە شێوەی ناوەندی مامەڵە لەگەڵ بڕیار و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکرێت، وەکو لەدوایین بەیاننامەی کۆبوونەوەیاندا ئاماژەیان بۆ کردووە.

هەنگاوی بەغدا بە ئاڕاستەی دەستپێنەکردنەوە و هەناردەنەکردنەوەی نەوت لەکاتێکدایە کە پێشتر تەنیا زانینی ژمارەکان یاخود رادەستکردنی نەوتەکە بەس بوو بۆ ئەوەی هەناردە بکات، بەڵام ئێستا وردەکارییەکانی هەڵکۆڵین، چاککردنەوە و پەرەپێدانی بیرە نەوتییەکانی لە رابردوودا دەوێت، لەکاتێکدا هیچ بڕە پارەیەک بۆ گەڕانی نوێ، هەڵکۆڵینی بیری نوێ و چاککردنی بیری نەوتی و پەرەپێدان لە بودجە سێ ساڵییەکەدا بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان نەکردووە و، ئەو بڕەشی بۆ تێچووی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان داناوە ناکاتە یەک لەسەر کۆی تێچووەکەی.

هەنگاوی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بە ئاڕاستەی دەرکردنی کاری دەستی نیوخۆیی و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان و دەستکردن بە بەرهەمهێنانی نەوت بە کەمترین هێزی کار بۆ پاراستنی دەستکەوتنی کەمترین داهاتی مانگانە بۆ مانەوەیان لە بازاڕەکەدا. هەروەها، بەردەوامبوونی دۆخی لەمشیوەیە زیانێکی گەورە لە ژینگەی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەدات و کار دەکاتە سەر کارکردنی کۆمپانیا بیانییەکانی دیکەش لە سێکتەرە جیاوازەکاندا.

هەروەها، بەپێی بەڵگە فەرمییەکان یەکێک لەو وەزارەتانە و بگرە تاکە وەزارەتیش لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو کەوا هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان پارێزگارییان لێکرد و نەیان هێشت میللەت تاڵانکاری بکات وەزارەتی نەوتی عێراق، هەربۆیەش لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا بۆچی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی رێگە ناگرن لەنیوچوونی پیشەسازی نەوت و بەرهەمهێنانی نیو ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانەی هەرێمی کوردستان؟

لە کۆتاییدا، بازاڕی نەوت گەورەترە لە 10 بازاڕی کانزای سەرەکی لەڕووی بەهای بەرهەمهێنانەوە وەک (ئاڵتون، ئاسن، مس، ئەلەمنیوم )، کە لە 2022دا بەتەنیا 2 تریلۆن دۆلار تێپەڕاندووە، ئێستا شەڕی نێوان بەرهەممهینەران و بەکارهێنەرانی نەوت بەشێوەیەکە کە کاریگەری تەواوی لەسەر نەخشەی داهاتووی وزە دەبێت، هەربۆیەش هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەشێک بێت لە نەخشەی وزەی داهاتوو ئەگەر نەبێتە چیرۆکی لە هیچەوە بۆ هیچ.